# جەلادی عەشق

هیوا عەبدوڵا کەریم

باسی جەلاد مەکە،  جەلادە!
ئەوەنییە تۆش ئەشکەنجەی من ئەدەی، جەلاد!

لەو ڕۆژەوەی شەیدای تۆ بووم
لە ئازار دا نوقمت کردووم
بە ترس پەروەردەت کردووم

پێش ئەوەی کە تۆ بناسم
نەمئەزانی ئازار چییە!
نەم ئەزانی خەمی شەیدایی و
شەونخوونی بۆ عەشق چییە!

بە لەشساغیم ئەناڵێنم
بە پشوودان ماندوو ئەبم
بە دڵخۆشیم غەمگین ئەبم

ئەی ئەمەی تۆ ئەیکەی چییە!
جۆرێک لە جەلادی نییە؟